هەوڵدانێکی شیعری بەسەر باڵی یادەوە:

# ڕەبەن

حەسەن جودی

کلێسەی زەنگ لەگۆڕ.

خۆسووتانی زامەکانم

لەدامێنی هێلە کرۆزاوەکان,

ڕۆح

لەش ئاگر پرژێن

گوڵی بیابان,

لەژێر ئاسنەباران

دەرسکێ.

لەوێ لێرە

تامی بۆنی

ماچی ئارەقەی

ترۆپکی سووری

چیای گوڵی

وێرانستان بیابان

یاد, باڵەخانەی شووشە:

بینا

خەندە

نێرگز

چارشەمان.

دڕناگەت لێدام,

دڕناگەم لێتدا:

بینا,

گۆرانی بیابان.

خەندە,

دیدەنی بەهەشت.

نێرگز,

دیاری گەڕیدەی چیا

چارشەمان,

دەردی گران

توانەوەی ڕەبەن.

خەون, تەمەنی خدر:

خەوی هەتایی سەوزستانی

باڵا

خزینی سەربەفری پۆڵووی

ڕوومەت

**تەمەن, خۆی بەبینابیت هەڵدەواسێ**

**بینا**

**بینا**

**نمایشگای تەمەنی**

**رۆحی**

**هەڵقرچاوی**

**خـ د ر ی ر ە ب ە ن ن ن ......**